# بیر و تێڕوانینی چالاکوانانی بواری ئافرەتان لەمەڕ مافەکانیان لە کۆمەڵگای کوردیدا توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان- عێراق

میران محمد سالح[1]، عەباس شەریف ئەحمەد[2]
[1] بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ، فاکەڵتی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سۆران، شاری سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی پەروەردەو دەرونزانی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: **meeran.salih@kue.soran.edu.iq**

## پوختە

لە سێ دەیەی رابردوودا کۆمەڵگای کوردی گۆڕانکاری خێراو بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەلایەك ئەم گۆڕانکارییانە خێزانەکانی لە خێزانی گەورەوە بۆ خێزانی بچوك گۆڕیوە، لەلایەکیتریشەوە رێژەی بەشداری ئافرەتان لە گشت بوارەکانی ژیان زیادی کردوە. لەم چوارچێوەیەدا داواکاری کارکردنی ژنان لە دەرەوە ماڵ و گەشەکردنی توانا تایبەتییەکانیان لەلای چالاکوانانی بواری مافەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە زیادبووندا بوە، ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە بەها خێزانییەکان لە کۆمەڵگادا. ئەم توێژینەوەیە لەگەل پێوانەکردنی بڕی ئەو گۆڕانکارییانە کە لەو بوارەدا ڕوویانداوە، هەروەها هەولیداوە پەیوەندیی نێوان ئەو گۆڕانکارییانە و ڕۆڵی دایکایەتی وەکو گۆڕاوێکی شوێنکەوتوو بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەران نموونەیەك لە چالاکوانانی مافی ژنانیان وەرگرتوە و بە میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهیناوە ,بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانستی وورد. لەکۆتاي توێژینەوەکە گەیشتە جەندیین ئەنجام لەوانەش؛ خواستی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان زیادی کردوە، هەوروەها بەها خێزانییەکان بەشێوەیەکی بەڵگەدار لاواز بووە. سەبارەت بە کارتێکەری گۆڕاوە سەربەخۆکان (کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان و لەگەل لاوازبوونی بەها خێزانییەکان) لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوویی ڕۆڵی دایکایەتی، کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و لاوازبوونی بەها خێزانییەکان کاریگەرییان لەسەر لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتی هەبووە. بەڵام پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان کاریگەرییەکی لەسەر لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتی نەبووە.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٨/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | meeran.salih@kue.soran.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ پ. ی. د. میران محمد سالح، م. ی. عەباس شەریف ئەحمەد،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

In the past three decades ago, wide changes have occurred in Kurdish society. This research attempts to measuring knowledge of the amount of changes that occurred in the three domains, as well as knowing the relationship between these variables and the role of the mother plays as the dependent variable. For this purpose, the sample was chosen from activists in the field of women, and the national methodology was used to analyze the data with the aim of collecting scientific results, which this research reached from the objectives. The demand for working outside home and attempting to develop individual capabilities of the research sample in an indicative manner, as well as weak family values of a variable dependent on the role of the mother. The research concluded that working outside home and weak family values did not affect the weak role of the mother, while the development of individual capabilities had no effect on the weakness of the mother's role.

**الملخص**

قد شهد المجتمع الكوردي في ثلاثه عقود ماضيه تغيرات كثيره وسريعه وملموسه حين شملت هذه التغيرات العائله الكورديه من جانب تحولت العائله الكورديه من العائله الممتده الى عائله النواه ، ومن جانب أخر أزدادت نسبه مشاركه المرأه في شتى مجالات الحياه، وفي هذه الاطار قد زادت طلب المرأه للعمل خارج البيت و تنميه قدراتها خاصه عند النشطاء في مجال حقوق المرأه في أقليم كوردستان العراق. و قد ادى ذلك الى تغييرات على القيم العائليه في المجتمع.هذا البحث مع قيامه بقياس مستوى هذه التغيرات، يحاول كشف العلاقه بين هذه المتغيرات ودور الأمومه كمتغير التابع، ومن أجل هذه اعتمد الباحثات على المنهج الوصفي التحليلي للوصول الى النتائج العلميه الدقيقه. وفي نهايه وصل البحث الى نتائج عده منها,تزايد قبول المرأه على العمل خارج البيت والعمل على تنميه قدراتها الشخصيه، مع ضعف دور الامومه وان كل من عمل المرأه خارج البيت وضعف القيم الأسريه كانا لهما تأثير على ضعف دور الأمومه، في حين لم يظهر تأثير تنميه القدرات الشخصيه على ضعف دور الأمومه في المجتمع.

## ١. پێشەکی

گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیستەم لە هەموو جیهاندا گۆڕانکاری لە پێگەی ژناندا دروست کرد. بەچەشنێك کە ئەم گۆڕانکارییە ئێستا بوەتە بابەتێکی سەرەکی لە توێژینەوە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە توێژینەوەی زانستی لەسەر دەکرێت. ئەم گۆڕانکارییانە لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم و بەتایبەت لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستان نیشانەکانی دەردەکەوێت.

## ١.١. کێشەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگای کوردی لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا گۆڕانکاریی ماددی و مەعنەوی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم گۆڕانکاریانە کاریگەری لەسەر تاك و خێزانی کوردی هەبووە. بە چەشنێك کە لە ئاستی خێزانیدا، خێزانی ناوکی ڕووی لە پەرەسەندن کردوە و خێزانی درێژکراوە ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە، لە ئاستی تاکەکەسیشدا ئافرەتی کورد لەم گۆڕانکاریانە بەدەر نەبووە و لە ژێر کاریگەری بەها جیهانییەکان و بزووتنەوەی جیهانی ئافرەتاندا، هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی لە کۆمەڵگا داوە.

لەم توێژینەوەیەدا بە سەرنجدان لەو گۆڕانکاریانە، هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك دەدەین، کە بریتین لەوەی؛ ئایا گۆڕانکاری لە خواستی ژنان بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ ڕوویانداوە؟ ئەم گۆڕانکاریانە چەندە کاریگەریان لەسەر ڕۆڵی دایکایەتی هەیە لە نێو خێزاندا؟

## ٢.١. گرینگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە وەکو هەموو توێژینەوەیەك لە دوو ڕەهەندی تیۆری و مەیدانییەوە گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە، لەڕووی تیۆرییەوە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی سەرچاوە سەبارەت بە بابەتی بزووتنەوەی ژنان و پەرەپێدانی چەمکی زانستی لەم پەیوەندییەدا. لە ڕووی مەیدانیشەوە ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر پرسێکی گرینگ، کە ئێستا بە بابەتێکی گرینگی جیهانی ئەژمار دەکرێت و یەکێکە لە ڕەهەندە گرینگەکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا. بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ پلانی کۆمەڵایەتی و هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنانیش دەتوانن سوود لە دەرەنجامەکانی وەربگرن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی ئاگاداری خواست و ویستەکانیان بن و هەوڵ بدەن کەمترین کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزانی کوردی هەبێت، بەتایبەت لە قۆناغی گواستنەوەدا، کە وەها گریمانە دەکرێت ئێستا کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغێکی گواستنەوە بێت لە نەریتییەوە بۆ نوێبوونەوە.

## ٣.١. ئامانجی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵی تاوتوێکردنی چەند ئامانجێك دەدەن کە بریتین لە:

١. پێوانەکردنی ئاستی خواستی ئافرەتان بۆ کارکردن لە دەرەوە، پەرەپێدانی توانای ئافرەتان و پابەندبوون بە بەها خێزانییەکان.

٢. دەستنیشانکردنی ڕۆڵی فاکتەرە دیمۆگرافییەکانی (باری خێزانی و توندوتیژی خێزانی) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

٢. دەستنیشانکردنی بڕی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان (خواستی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، پەرەپێدانی تواناکان و پابەندبوون بە بەها خێزانییەکان) لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوویی (ڕۆڵی دایکایەتی).

## ٤.١. چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ڕێکخراو Organization:

لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پێناسەی هەمەڕەنگ بۆ ڕێکخراو کراوە. لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژە بە کۆمەڵێك مرۆڤ و دەستەیەك دەکات بەپێی بنەما و لیستێکی دیاریکراو ڕێنمایی و یاسا و ڕێسایەکی تۆکمە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی داڕێژراو لە ڕێگەی جێبەجێکردنی فەرمانە تایبەتییەکان لە نێوان خۆیان کۆدەبنەوە و خۆیان ڕێك دەخەن وەك سەندیکا و پارتی سیاسی و کۆمەڵی خێرخوازی (مدکور، ١٩٧٥، ص ٥٧٤) یان بریتییە لە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی کە بە هەوڵی خۆبەخشان دوور لە قازانج پێکدێت، لەسەر بنەمای خۆجێی و نیشتمانی کار وچالاکییەکانیان ئەنجام دەدرێت، ئامانجی دیاریکراو و کەسانێکی ئامانجی هاوبەش بەڕێوەی دەبەن و کۆمەڵێك لە خزمەتگوزاری و فەرمانی مرۆیی وەك (تەندروستی، ڕۆشنبیری، زانستی، ژینگە، مافی مرۆڤ) پێشکەش دەکات (محی الدین، ٢٠٠٩، ص ١٢) لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران لەڕووی تیۆرییەوە پێناسەی ڕێکخراو دەکەن بەوەی کە؛ ناوەندێکی کۆکردنەوەی چالاکوانان بە مەبەستی کارکردن بۆ بەدیهێنانی خواست و بەهای هاوبەش.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**بزوتنەوەی ئافرەتان:**

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپا سەریان هەڵدا، وەك بزوتنەوەیەكی ئازادیخواز بە ئامانجی رزگاركردنی ئافرەتان لە ئازار و ستەم، بەڵام لەگەڵ كاتدا پێشكەوتن تا لە كۆتاییدا بیرۆكەی تایبەت و سەربەخۆ دژ بە گشت بنەما مرۆڤایەتییەكان كە پەیوەندی بەرِەگەزی نێر و مێ و سروشتی ئافرەتان هەیە دابمەزرێنێت. (عبده، ١٩٨٠، ص ١١).

رێكخراوەكانی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان چەندین جۆریان هەیە وەك:

رێكخراوەكانی ئافرەتان كە لە ١٩٥٢/١٢/١١ دامەزراوە و یەكەم سكرتێری (زەكیە ئیسماعیل) بووە، دواتر رێكخراوی ژنان لە ١٩٨٩/١١/٤ دامەزرا و یەكەم سكرتێری (كافیە سلێمان عەبدوڵلا) بوو، لەگەڵ تێپەربوونی كات جیابوونەوە و دامەزراندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان، چەندین رێكخراوی ئافرەتان سەریان هەڵدا لە هەموو پارت و ئایین و نەتەوە جیاوازە فەرمی و نافەرمیەكان، كە ژمارەیان بەتەواوی دیار نییە، بەڵام تا ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بە فەرمی و نافەرمی زیاتر لە ٤٤٠٠ رێكخراو بووون، لەوانەش نزیكەی ٢٠٠ رێكخراویان لە بواری ئافرەتان كار دەكەن (نوری، ٢٠٢٠، ص ٧٨) سەرەرای هەندێ جیاوازی لاوەكی لە ئامانجەكانیان، بەڵام هەموو یان زۆرینەیان كۆكن لەسەر بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەی لای خوارەوە:

- بنیاتنانی كۆمەڵگایەك لەسەر بنەمای یەكسانی جێندەری.
- پشتگیریكردن لەرێكەوتننامە و بەیاننامە نێودەوڵەتییەكان. كە لەبارەی دۆزی ئافرەتانەوە دەردەچن.
- رووبەرووبوونەوەی هەموو جۆرەكانی توندوتیژی و پێشێلكارییەكان، كە دەرهەق بە رِەگەزی مێینە دەكرێت.
- هاندانی تاكەكانی كۆمەڵگا بۆ پێكهێنانی خێزان لەسەر بنەمای لەیەكتر گەیشتن.
- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەكی رِەگەزی لە دەستووردا.
- بەگژداچوونەوەی بیر و بۆچوون و نەریتەكان، كە لە كەسایەتی و مرۆڤبوونی ئافرەتان كەم دەكەنەوە.
- هەوڵدان بۆ دابینكردنی هەموو مافە بنەرِەتییەكانی ئافرەتان لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەكانی ژیان.
- بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەك كە رووبەرِووی ئافرەتان دەبێتەوە.

كەواتە دەتوانین بڵێین كە رێكخراوەكانی ئافرەتان و ژنان و...هتد، لەهەرێمی كوردستان (بریتییە لە رێكخراوێكی جەماوەری دیموكراتی هەر یەك سەر بەپارت و لایەنێكی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی لە هەموو رِەگەزە مێینەكانی پێكدێت، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایین و بیروباوەرِی سیاسی، بەشێوەیەك برِوایان بەپەیرِەو و پرِۆسەكەی هەیە لە هەرێمی كوردستان لەو رێكخراوانەش بەنموونە: (ئافرەتان، ژنان، خوشكان، خانزاد، سایە، رۆژ، راسان، ژن نەل، گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی، یەكگرتووی خوشكان، خاتوو زین، ژیان، ئاسوودە، بەهێزكردنی تواناكان، هەتاو، ژین دروستی، سابات، پەرەپێدان، بەهرە، هاریكاری، ژین، خۆر، ئامێز، هاوپەیمانانی ژنان، نیشتمانی، هێلانە، خێزان زارۆك، خزمەتگوزاری دەروونی، پەرەپێدانی بەهرەی ئافرەتان، دەریا، رێنوین، مەند، ڤەژین، نور، پێگەیاندن، لێلۆس، رۆشنا، راگەیاندن و رووناكبیری، یاسای ئافرەتان، هۆشیاری، سازان، ژنە بەئەزموونەكان، ساڤان، بەژین، ئیان، دلۆڤان، ئەتوانم، سۆزڤان، دارڤین، هەژین، گەشبینی ژنان، خانمی پیشەدار، هاندان، پەیوەندی، نیگا، كارسازان، گروپی ژیان، توێژنەوەی جێندەر...هتد) (گەرمیانی، ٢٠١٥،ص ٥٨-٩٢).

مەبەست لە بزووتنەوەی ئافرەتان لەم توێژینەوەیەدا بریتییەلە؛ چالاكییەكی هاوبەش بە مەبەستی بەدیهێنانی خواستی هاوبەش لە بواری مافەكانی ئافرەتان.

## ٢. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### ١.٢ پوختەیەکی مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئافرەتان:

قسەکردن سەبارەت بە بزوتنەوەی ئافرەتان و قۆناغەکانی لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ و کاریگەرییەکانی و چەمکەکانی لە کۆمەڵگاکان زۆر هەڵدەگرێت. سەرەتای بزوتنەوەی ئافرەتان بۆ سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە لە ئەوروپا وەك بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز سەری هەڵدا بە ئامانجی نەهێشتنی ئازار و ناخۆشی و ستەم لەسەر ئافرەتانی ڕۆژئاوا بەڵام لەگەڵ کاتدا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی و توانی هزر و ئایدۆلۆژیای تایبەت بەخۆی پێکبهێنێ (عبده، ١٩٨٠، ص ١١).

هەست کردن بە چەوسانەوە لە گشت بوارەکان و نەبوونی یەکسانی و زوڵم و ستەم، کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبووەوە، هەر ڕاستەوخۆ لە دوای شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٨٧٩ بووە هۆی سەرهەڵدان و دامەزراندنی بزوتنەوەی ئافرەتان لە فەرەنسا، سەرەتا لە شێوەی کۆمەڵە بانگەوازیان بۆ ماف و باشکردنی بارودۆخی ئافرەتان دەکرد. (المسیری، ٢٠١٥، ص ٢٧). بەڵام بزوتنەوەی ئافرەتان لە بەریتانیا بەشێوە و جۆری ململانێ سەری هەڵدا بۆ دابین کردنی مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا لەساڵی (١٨٤٠)دا یەکەم ئاگاداریان بەرزکردنەوە، کە ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەن. (محمود و طنطاوی، ٢٠١٦، ص ٩٤).

بزوتنەوەی ئافرەتان لە ئەمریکا لە بواری سیاسی و ژیانی گشتیدا لە ساڵی (١٨٤٠)دا وەك ڕکابەرێك بۆ چوونە ناو پەرلەمان و گەیشتن بە مافی دەنگدان لە شێوەی نارەزایی بۆ زیاتر یەکسانی یاسایی و تەشریعی دەستی پێکرد (الخفاف، ٢٠١٨، ص ١٠٧). لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩) دا لەڕێگای کرانەوەی شارستانی و ڕۆشنبیری و ناردنی چەند نوێنەرێك و قوتابیان بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ئەوروپا وەك ئەوەی (محمد علی پاشا) لە میسر ئەنجامیدا، کە تێکەڵاوبوونی هاوڵاتیانی عەرەب بە ئەوروپا زیادی کرد، دواتر کردنەوەی زانکۆ و قوتابخانەی ڕۆژئاوایی لە وڵاتی شام و وڵاتانی تر، ئەمەش سەرەتای گواستنەوەی هەندێ وڵاتی عەرەبی بوو لە ئابووری معاشیەوە بۆ بازاڕی جیهان و سەرهەڵدانی مامەڵەی بازرگانی و هەندێ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەوانەش گەشەپێدانی وشیاری دەربارەی بابەتەکانی ئافرەتان و پلە و پایەیان لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا زیادی کرد (المسیری، ٢٠١٥، ص ٢٤).

سەبارەت بەبزوتنەوەی ئافرەتان لە عێراقدا پێویستە سەرەتا شارەزای داب و نەریتی پەیوەست بەئافرەت بین، لە ساڵێ (١٩٠٤)دا والی بەغدا (عبدالوهاب پاشا) ویستی پرۆسەی ژماردنی دانیشتوان ئافرەتانیش بگرێتەوە، ئافرەتانیش ببنە خاوەن ناسنامەی شارستانی وەك پیاوان، هەروەها لە تەمووزی ساڵی (١٩٠٨)دا بەبۆنەی ڕاگەیاندنی دەستووری عوسمانی فیستیڤاڵ و ئاهەنگیان گێڕا تێیدا بیروبۆچوونی تایبەت بە ئازادی ئافرەتان وەك وتارێك لە ڕۆژنامەی (مۆید)ی میسری بڵاوکرایەوە، کە تێیدا باس لە یەکسانی نێوان پیاو و ژنان لە دادگا شەرعییەکان دەکات (لازم، ١٩٨٣، ص ٥١).

لە پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی ئافرەتانیش لە کۆمەڵگای کوردیدا دەتوانین بڵێین هەوڵ و کۆششی ئافرەتانی کورد لە کۆمەڵگای کوردیدا لە سەرەتادا شێوەی سیاسی لەپاڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردی و پارتە کوردستانیەکان بۆ پاراستن و کۆششی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد بوو (قانع، ٢٠٠٦، ص ١٨١)، لەم کاتەدا چالاکییەکانی ئافرەتی کورد ڕەنگدانەوەی هزری سیاسی باوی ناو کۆمەڵگای کوردی بوو، سەرباری بەشداری کاریگەری لەمیانی ٢٨ ساڵی ڕابردووی ناو پارتە کوردییەکان، بەڵام هەڵوێستی پارتە سیاسیەکانی کورد وەك پێویست پاڵنەر نەبوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەز و ئارەزوو و هیوا و تواناکانی ئافرەتانیان پشتگوێ خست (سدیق، ٢٠٠٧، ص ١٤).

بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی کورد لەناو هەموو پارتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان تاوەکو ئەمڕۆ نەگەیشتۆتە پلە و پایەی لوتکەی بڕیاردان، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی پراکتیکی ئافرەتانی کورد لەناو ڕێکخراو و کۆمەڵە ئیسلامی و نائیسلامیەکانەوە هەیە. هەر یەك بەپێی ئامانج و دروشمەکانیان توانیان کار بۆ بەرژەوەندی ئافرەتی کورد بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەنگاوی بەرەو جیاوازی و ناکۆکی بەڵکو هەندێ جار بووە هۆی سەرهەڵدانی گرفت لە کۆمەڵگا، بەڵام کۆششی ئافرەتی کورد لەم قۆناغەدا زیاتر بۆ هاوڵاتیبوون بوو.

لێرەدا دەتوانین بڵێین تاوەکو ئەمڕۆ بزوتنەوەیەکی ئافرەتانی کوردی سەری هەڵنەداوە، بە واتایەکی تەواوتر سەرەڕای بوونی هەوڵی زۆری


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تاکەکەسی لەلایەن چەند ئافرەتێکەوە لەناو ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەپێناو بەدەستهێنانی چەند ئامانجێك بەڵام نەگەیشتۆتە ئاستی ئاواتی ئافرەتانی کورد (مستەفا، ٢٠١٢، ص ٤٠).

## ٢.٢. تیۆری توێژینەوەکە

خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە سەر بنەمای هاوسەرگیری نێوان لانیکەم دووکەس لە ڕەگەزی جیاواز دروست دەبێت و تێدا پەیوەندیی خوێنی یان بەڵگەنامەیی دەبینرێت (ساروخانی، ١٣٧٩). بە واتایەکی دیکە خێزان لە گرووپێك لە مرۆڤەکان پێکدێت، کە لە ڕێگای خوێن و هاوسەرگیرییەوە پێکەوە پەیوەندیی دروست دەکەن و لە ماوەیەکی نادیار، پێکەوە دەژین (کوئن، ١٩٩١، ص ١٢٧) لەم توێژینەوەیەدا پێناسەی کاتر و مەك گلاریك وەردەگرین کە خێزانیان وەکو دامەزراوەیەك پێناسە کردووە و دەڵێن: "خێزان دامەزراوەیەکە، کە بە گوێرەی زەمەن گۆڕانکاری بەسەر دێت" (میرمحمدرضائی و ساروخانی، ٢٠١٨، ص ١٣٥).

ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بە درێژایی مێژوو، ڕۆڵێکی گرینگی لە گەشە، پێشکەوتن و بەکۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ گێڕاوە (موسوی، ١٣٨٢)، هەروەها گرینگترین دامەزراوەیە کە بەستێنی بۆ گەشەو ئاسوودەی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی منداڵ دابین کردووە و هۆکاری گەیشتنیەتی بە هاوسەنگی فیزیکی، دەرونی و کۆمەڵایەتی (وود، ١٩٩٦).

خێزان وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، بەگشتی ئەرکی جۆراوجۆری لەسەر شانە، کە ناوەڕۆکی ئەم ئەرکانە و ئاستی جێبەجێ کردنیان لە کولتوورە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە. دەتوانین گرینگترین ئەرکی دامەزراوەی خێزان بەم شێوەیە بخەینەڕوو: ڕێکخستنی سێکسی، وەچە خستنەوە، پارێزگاری و پشتیوانی لە منداڵان و بەساڵاچوان، بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان، چەسپاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە ڕێگای بۆماوەییەوە و دابینکردنی ئاسایش بۆ ئەندامانی خێزان وەکو دامەزراوەیەکی ئابووری و بەکاربردن (کوئن، ١٣٩١، ص ١١٤.١١٣)، کە زیاتری ئەم ڕۆڵە لە ئەستۆی دایك دایە.

لە ڕوانگەی ئەرکگەراییەوە کۆمەڵگا وەکو کۆمەڵێك دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بۆ بەردەوامی و یەکانگیری کۆمەڵگا وێنا کراوە. لەم سونگەیەوە، خێزان ئەرکێکی گرینگی هەیە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و یارمەتیدەری بەردەوامی کۆمەڵگایە. ئەو کۆمەڵناسانەی کە لە چوارچێوەی ئەرکگەرایدا کار دەکەن، پێیان وایە کە خێزانی ناوکی ئەرکی دیاریکراوی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا هەیە. لەگەڵ پەیدابوونی پیشەسازیبوون، خێزان گرینگی خۆی وەکو یەکەیەکی بەرهەمهێنانی ئابووری لە دەستدا و زیاتر ڕۆڵی وەچە خستنەوە، پەروەردە کردنی منداڵ و بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵ دەبینێت. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ئەمریکی، تالکۆت پارسۆنزەوە، دوو ئەرکی سەرەکی خێزان بریتین لە بە کۆمەڵایەتیبوونی سەرەتایی (Primary Socialization) و چەسپاندنی کەسایەتی (Personality Stabilization) (Parsons and bales ١٩٥٦).

لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکاری گەورە لە فۆرمی خێزانەکاندا ڕوویداوە ـ سەرهەڵدان و دارمانی خێزانەکان، گۆڕانی چاوەڕوانییەکان لە پەیوەندیی تاکەکەسی تاکەکان، زیادبوونی جیابوونەوە و باوانی تەنیا، سەرهەڵدانی خێزانی چاککراوە و خێزانی هاورەگەز خواز و زەواجی هاوسەرینی. هەموویان لەو گۆڕانکاییانەن کە ڕوویانداوە. ناتوانین ئەم گۆڕانکارییانە بەدەر لەو گۆڕانکارییە گەورانەی دیکە کە لە سەردەمی هاوچەرخدا ڕوویان داوە درك پێبکەین. ئەگەر بمانەوێت پەیوەندیی نێوان گۆڕانکارییەکانی جیهانی تاکەکەسی و پارادایمە گەورەترەکان درك بکەین، دەبێت سەرنجی ئەو گۆڕانکارییانە بدەین کە لە ئاستی کۆمەڵگا و تەنانەت لە ئاستی جیهاندا ڕوویانداوە. یەکێك لە گرینگترین بەرهەمەکان کە لەم بوارەدا بەرهەم هاتوە، بەرهەمی کاری هاوبەشی دوو هاوسەرە بە ناوی "ئۆلریس بێك و بێك گرنشایم"ە (گیدنز، ٢٠٠٧، ص ٢٩٦).

ئۆلریس بێك و بێك گرنشایم لە کتێبەکەی خۆیاندا بە ناوی "ئاشووبگەی سروشتی خۆشەویستی" (Normal Chaos of Love) توێژینەوە لە ناوەڕۆکی پڕ لە هەوراز و نشێوی پەیوەندییە کەسییەکان، هاوسەرگیرییەکان و سەرچەشنە خێزانییەکانی ئێستا دەکەن لە بەستێنی

جیهانێکدا کە بە خێرایی خەریکی گۆڕانە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، نەریتییەکان و بنەما و ڕێنماییەکان، کە بەسەر پەیوەندییە کەسییەکانەوە باڵا دەستبوو، ئیتر کارڕایی نییە و ئێستا تاکەکان لەگەڵ ڕیزە بژاردەیەکی بێ کۆتایی بەرەو ڕوون، کە بەشێکە لە بونیادنان، ڕێکخستن و گۆڕانکاریی، باشترکردن یان کۆتایهێنان بەو پەیوەندییانەیە، کە لەگەڵ یەکتر دروستی دەکەن. ئەم ڕاستییەی کە هاوسەرگیرییەکان ئێستا دڵخوازانە و نە بەهۆکاری ئابووری یان بە گوشاری خێزانەکان ئەنجام دەدرێت، هەم ئازادی و هەم کۆت و بەندی نوێی لەگەڵ خۆی هێناوە.

بێك و بێك .گرانشایم ئەم قۆناغەی ئێمە بە قۆناغێکی پڕ لە بەرژەوەندی پێکناکۆکی خێزانی، پیشەیی، خۆشەویستی و ئازادی بۆ بەدواداچوونی ئامانجە تاکەکەسییەکان دەزانن. لێرەدا پێکدادانی بەهاکان لە پەیوەندییە کەسییەکاندا بە توندی هەستی پێدەکرێت، بەتایبەت کاتێك کە هەردوو لایەن لە دەرەوەی ماڵ کار بکەن. لەم سەردەمەدا ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکەن و بە شێوەی پسپۆڕانە بەدواداچوون بۆ ژیانی پیشەیی خۆیان دەکەن. پێشتر ژنان زیاتر بەشێوەی کاتی یان پارتتایم لە دەرەوە کاریان دەکرد، یان زۆربەی کاتی خۆیان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ تەرخان دەکرد. ئێستا ئەم سەرچەشنە کەمتر لە ڕابردوو جێگیر و بەردەوامە؛ ئێستا چ ژن و چ پیاو پێداگری لەسەر نیازە تاکەکەسی و پسپۆڕییەکانی خۆیان دەکەن. بێك و بێك .گرانشایم بەو ئەنجامە دەگەن کە پەیوەندییەکانی چەرخی مۆدێرنی ئێستای زیاترە لە تەنها پەیوەندیی ڕووت. نە تەنیا خۆشەویستی، بەڵکو سێکس، منداڵ، زەواج و ئەرکی ماڵداری بابەتی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو گفتۆگۆ و بە سازانن، بەڵکو پەیوەندییەکان ئێستا گەیشتوتە قسەکردن لەسەر کار، سیاسەت، ئابووری، پیسپۆڕی و پیشە و نایەکسانیش. بەم شێوەیە ئێستا کۆمەڵە بابەتێکی جۆراوجۆر لە بابەتە سەرەتاییەکانەوە تاکو پرسە قووڵ و ئاڵۆزەکان .بەرەورووی هاوسەرەکان دەبێتەوە. (گیدنز، ٢٠٠٧، ص ٢٥٩.٢٦٠).

## ٣. ڕێکارە مەیدانییەکان

### ١.٣ . میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ئاراستەی چەندایەتی بەکارهاتووە کە کریسوێل (٢٠٠٣) پێی وایە پارێزگای لە خواستی ئەزموونگەری دەکات، ئەمەش وادەکات توێژەر بە بێ لایەن بمێنێتەوە (برزنجی و احمد، ٢٠١٨؛ ٢٣). میتۆدی توێژینەوەکە، وەسفی شیکارییە، کە پشت دەبەستێت بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر گرفت و دیاردە و بابەتی توێژینەوەکە.

### ٢.٣ . کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەکە:

گشت ڕێکخراوەکانی بواری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لەبەر تازەنەکردنەوەی مۆڵەت لەلایەن زۆربەی ڕێکخراوەکان، لەبەر گۆڕینی ئیمیلەکانیان، تێکەڵاوی و ناڕوونی ناوی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کاروباری ئافرەتان، ئامادەنەبوونی هەندێکی تر لە وەڵامدانەوەی پرسیارنامەکە یان لەبەر ئەوەی هەندێ ڕێکخراو تەنیا ناو بوون. ئەمە و چەندین هۆکاری نادیار پەیوەست بە ڕێکخراوەکان، بۆیە زۆر ئەستەم زانیاری پێویستمان دەست دەکەوت ئەوەش ناچاری کردین، کە پەنا ببەینە بەر پەیوەندی کەسێتی لە پەیوەندی کردنمان بە ڕێکخراوەکان بۆ وەڵامدانەوەی فۆرمی تایبەت بە (ڕاو تێڕوانینی چالاکوانانی بواری ئافرەتان لەمەڕ مافی ئافرەتان) داوامان لەو ڕێکخراوانە کرد ئەوانیش پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی تری ئافرەتانی بکەن ئەوانیش بە ڕێکخراوێکی تر بکات بەو شێوەیە تا زۆرترین ڕێکخراو بەشداری تێدا بکەن. بەم جۆرە پشتمان بە نموونەی نا هەڕەمەکی بەست لە کۆتاییدا لە هەرێمی کوردستان (٦٠) یەکە وەڵامی پرسیارنامەی توێژینەوەکەمانیان داوەتەوە، بەڵام لەبەر کەموکورتی لە هەندێ وەڵامەکاندا ناچار ئەو وەڵامانەمان پشتگوێ خست لەکۆتاییدا (٤٧) ڕێکخراوی ئافرەتان وەڵامی تەندروستیان داوەتەوە بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوەکەش پشتمان بەپرۆگرامی SPSS بەستووە.

### ٣.٣. ڕاستیەتی و جێگیری پێوەرەکان

یەکەم ڕاستیەتی: بە مەبەستی دەرهێنانی راستییەتی پێوەرەکە سوودمان لە راستیەتی بونیادی (Construct Validity) وەرگرت کە تێدا پەیوەندی هەر بڕگەیەك بە تەوەرەکەی دەردەکەین. ئەنجامەکانی دەرهێنانی ڕاستیەتی بۆ هەریەك لە پێوەرەکانی (دایکایەتی، کارکردنی ژنان، بەها خێزانییەکان و پەرەپێدانی تواناکانی ژنان) لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

أ-پێوەری دایکایەتی: ئەنجامی دەرهێنانی پەیوەستی هەر بڕگەیەك نیشانیدا، کە لە کۆی (١٢) بڕگە تەنها (٩) بڕگە پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ تەوەرەکەیان هەبوو و بڕگەکانی (٥، ١١ و ١٢) پەیوەستێکی بەڵگەداریان نەبوو، بۆیە پێوەری کۆتایی لە (٩) بڕگە پێکدێت.

خشتەی (١.٣)

پەیوەستی هەر بڕگەیەکی پێوەری دایکایەتی بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات:

| بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|
| ***1*** | .801** | 5 | .165 | 9 | .783** |
| **2** | .807** | 6 | .616** | 10 | .737** |
| **3** | .579** | 7 | .641** | 11 | .078 |
| ***4*** | .559** | 8 | .682** | 12 | .269 |

P-value <0.01 **

ب- پێوەری کارکردنی ژنان: وەکو خشتەی (٢) نیشان دەدات، پێوەری کارکردنی ژنان لە (٨) بڕگە پێکدێت کە هەر هەشت بڕگەکە پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەبوو، بۆیە هیچ بڕگەیەك نەسڕایەوە و کۆی بڕگەکان وەکو خۆیان مانەوە.

خشتەی (٢):

پەیوەستی هەر بڕگەیەکی پێوەری کارکردنی ژنان بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| *1* | .492** | 5 | .674** |
| *2* | .667** | 6 | .532** |
| *3* | .644** | 7 | .397** |
| *4* | .755** | 8 | .735** |

ج) پێوەری بەها خێزانییەکان: وەکو خشتەی (٢.٣) نیشان دەدات، بڕگەی بەها خێزانییەکان لە (٥) بڕگە پێکدێت کە ئەنجامی ڕاستیەتی بونیادی پێوەرەکە نیشاندەدات، هەموو پێوەرەکان پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکە هەیە، هیچ گۆڕانکارییەك لە بڕگەکانی پێوەرەکە نەکران.

خشتەی (٢.٣):

پەیوەستی هەر بڕگەیەکی پێوەری بەهای خێزانی بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| *1* | .755** | 4 | .449** |
| *2* | .661** | 5 | .543** |
| *3* | .760** | | |

د. پێوەری پەرەپێدانی تواناکانی ژنان: وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، ئەم پێوەرە لە هەشت بڕگە پێکدێت کە بڕگەی (١) پەیوەستێکی بەڵگەداری لەگەڵ تەوەرەکەی نیە، بۆیە لە پێوەرەکە لادراو لە ئەنجامدا (٧) بڕگە وەکو پێوەری کۆتایی مایەوە.

خشتەی (٣.٣):

پەیوەستی هەر برگەیەکی پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت بە کۆی تەوەرەکەی نیشان دەدات

| برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| ***1*** | .225 | 5 | .623** |
| ***2*** | .500** | 6 | .716** |
| ***3*** | .544** | 7 | .703** |

جێگیریی: بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەکانی توێژینەوەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی ئەلفای کورۆنباخ وەرگرت. وەکو خشتەی (٤.٣) نیشان دەدات، بەها ئەڵفای کرۆنباخ بۆ پێوەرەکان دەکەوێتە نێوان (٠,٦٢٠. ٠,٨٨٠) کە بە برێکی گونجاو دادەنرێت بۆ هەموو پێوەرەکان. بۆیە دەتوانین بڵێین پێوەرەکەمان جێگیرە.

دووەم:خشتەی (٤.٣):

چۆنیەتی ناوخۆیی برگەکانی توێژینەوەکە

| ناونیشانی تەوەر | *Cronbach's Alpha* | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| دایکایەتی | 0.880 | 9 |
| کارکردنی ئافرەت | 0.766 | 8 |
| بەهای خێزانی | 0.620 | 5 |
| پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەت | 0.753 | 7 |

٤.٣. دابەشبوونی سروشتی داتا کۆکراوەکان

بە مەبەستی دڵنیابوون لە دابەشبوونی سروشتی داتا کۆکراوەکان لە نموونەی توێژینەوەکە سوودمان لە تاقیکردنەوەی "کۆلۆمۆگرۆف . سمینۆف" (One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test) وەرگرت، کە تێدا بەهای (Z)ی دەرهێنراو بۆ هەر چوار پێوەرەکە گەورەتر بوو لە (٠,٠٥)، ئەمەش واتای وایە کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان داتا کۆکراوەکان و کۆمەڵگای توێژینەوەکە نیە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە داتاکانمان دابەشبوونێکی سروشتی هەیە.

## ٤. ئەنجامەكانی توێژینەوەكە

١.٤. پێوانەكردنی ئاستی خواستی ئافرەتان بۆ كاركردن لە دەرەوە، پەرەپێدانی توانای ئافرەتان و پابەندبوون بە بەها خێزانییەكان.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە بەرزبوونەوەی خواستی ئافرەتان بۆ كاركردن لە دەرەوەی ماڵ و پەرەپێدانی تواناكانی خۆیان، سوودمان لە ئەنجامی تاقیكردنەوەی (t) بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ وەرگرت كە تێدا ناوەندی ژمێرەیی پێوەرەكەمان بەراوردكرد بە ناوەندی گریمانەیی. وەكو لە خشتەی (١.٤)دا دەردەكەوێت، ئەنجامەكان نیشان دەدەن كە:

١. خواستی كاركردن لە دەرەوەی ماڵ و بەشێوەیەكی بەڵگەدار پەرەی سەندوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە بەهای (ت) دەرهێنراو (٣,٠٩) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی (١,٦٨٤) و هەروەها (P-value>٠,٠٥).

٢. سەبارەت بە پەرەپێدانی توانای ئافرەتان، وەكو خشتەی خوارەوە نیشان دەدات؛ بەهای (ت) دەرهێنراو (٦,٨٩٢) بەشێوەیەكی بەڵگەدار گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی (١,٦٨٤)، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە (P-value<0.05).

خشتەی (١.٤):

تاقیكردنەوەی (t) بۆ خواستی كاركردن لە دەرەوەو پەرەپێدانی تواناكان نیشان دەدات

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | *p-value* | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| كاركردن لە دەرەوە | 26.78 | 24 | 6.18 | 0.003 | 3.09 | 1.684 | **بەڵگەدارە** |
| پەرەپێدانی تواناكان | 25.52 | 21 | 4.52 | 0.000 | 6.892 | 1.684 | **بەڵگەدارە** |

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاستی بەها خێزانییەكان و ڕۆڵی دایكایەتی لای تاكەكانی نموونەكە و سوودمان لە تاقیكردنەوەی تائی بۆ یەك نموونەی سەربەخۆ وەرگرت كە تێیدا ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو لە نموونەی توێژینەوەكە بەراوردكرا بە ناوەندی گریمانەیی. ئەنجامە دەستكەوتوەكان نیشانی دەدەن، كە هەر هەریەك لە بەها خێزانییەكان و ڕۆڵی دایكایەتی لای نموونەی توێژینەوەكە بەشێوەیەكی بەڵگەدار لاواز بووە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە:

١. سەبارەت بە بەها خێزانییەكان؛ ناوەندی گریمانەیی (١٥) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەكە (١٣,٦٢)، ئەم جیاوازییەش بەڵگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە (p-value=0.039) بچوكترە لە ئاستی گومانی توێژینەوەكە (٠,٠٥). هەروەها بەهای تائی دەرهێنراو (٢,١٢٣) گەورەترە لە بەها تائی خشتەیی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە ناوەندی ژمێرەیی بچوكترە لە ناوەندی گریمانەیی، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین كە بەها خێزانییەكان بەشێوەیەكی بەڵگەدار لە ئاستی ناوەندی كەمترن لە لای نموونەی توێژینەوەكە.

٢. لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی دایكایەتیدا؛ هەروەكو لە خشتەی خوارەوە دەردەكەوێت، ناوەندی ژمێرەیی بەدەستهاتوو لە نموونەی توێژینەوەكە (٢١,٦٨) بچوكترە لە ناوەندی گریمانەیی (٢٧)، ئەم جیاوازییەش بەڵگەدارە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە (p-value>٠,٠٥) و بەهای (ت) دەرهێنراو (٤,٤٤٢) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٦٨٤). بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی كە ناوەندی ژمێرەیی بچوكترە لە ناوەندی گریمانەیی، بەو ئەنجامە دەگەین كە ئاستی پابەندی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە، بە ڕۆڵی دایكایەتی بەشێوەیەكی بەڵگەدار كەمترە لە ئاستی ناوەند.

خشتەی (٢.٤):

تاقیکردنەوەی (t) بۆ بەها خێزانییەکان و ڕۆڵی دایکایەتی تواناکان نیشان دەدات

| گۆڕاو | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەریی | *p-value* | بەهای (ت) | | بەڵگەداریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| بەها خێزانییەکان | 13.62 | 15 | 4.47 | 0.039 | 2.123 | 1.684 | بەڵگەدارە |
| ڕۆڵی دایکایەتی | 21.68 | 27 | 8.21 | 0.000 | 4.442 | 1.684 | بەڵگەدارە |

## ٢.٤. دەست تیشانکردنی کاریگەری فاکتەرە دیمۆگرافییەکان (باری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە)

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەری فاکتەرە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، سوودمان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ وەرگرت کە ئەنجامەکانی لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

یەکەم: سەبارەت ڕۆڵی پێگەی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١. لە پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆڵی دایکایەتی لای بەشداربووانی نموونەکە؛ جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ئەوانەی سەڵتن لەگەڵ ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (١,٩٠٢) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (١,٦٨٤).

٢. سەبارەت بە فاکتەرەکانی کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و پابەندی بە بەها خێزانییەکان، جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان سەڵت و خێزاندارادا نیە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-value>0.05). شایانی باسە کە لە تەوەری کارکردن لە دەرەوی ماڵ ئەگەر ئاستی گومانی توێژینەوەکەمان بۆ (٠,١٠) بەرزبکەینەوە، ئەوە جیاوازییەکە بەڵگەدار دەبێت.

٣. هەروەها سەبارەت بە پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەتان جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان بەشدابووراني سەڵت و خێزاندارادا، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە (P-value<0.05) و بەهای دەرهێنراو (٢,٢٩٨) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی (١,٦٨٤).

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | باری کۆمەڵایەتی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | *p- value* | بەهای (ت) | | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ڕۆڵی دایکایەتی | سەڵت | 22 | 24.05 | 5.05 | 8.09 | 4.45 | 1.902 | 1.684 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 25 | 19.60 | | 7.90 | | | | |
| کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | سەڵت | 22 | 28.50 | 3.22 | 6.03 | 0.074 | 1.828 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | خێزاندار | 25 | 25.28 | | 6.02 | | | | |
| بەها خێزانییەکان | سەڵت | 22 | 14.68 | 2.00 | 3.94 | 0.126 | 1.576 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | خێزاندار | 25 | 12.68 | | 4.76 | | | | |
| پەرەپێدانی توانای ئافرەتان | سەڵت | 22 | 30.55 | 2.99 | 4.43 | 0.026 | 2.298 | 1.684 | بەڵگەدارە |
| | خێزاندار | 25 | 27.56 | | 4.46 | | | | |

دووەم: جیاوازیی نێوان ڕوانگەی ئەو بەشداربووانەی نموونەکە، کە توند و تیژییان بەرانبەر کراوە لەگەڵ ئەوانەی کەئەم کردارەیان بەرانبەر نەکراوە. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت؛ (١٧) کەس لە بەشداربووانی نموونەکە توندوتیژییان بەرانبەر ئەنجام دراوە و لە

بەرانبەردا (٢٥) کەس توندوتیژییان بەرانبەر ئەنجام نەدراوە. بە مەبەستی دەرهێنانی جیاوازی بیروبووچوونی ئەم دوو گرووپە، سوودمان لە تاقیکردنەوە (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ وەرگرت کە ئەنجامەکانی لە خشتەی (٨)دا خراوەتەروو. وەکو لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە هیچ یەك لە تەوەرەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان بیروبۆچوونی ئەوکەسانەی کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە لەگەڵ ئەوکەسانەی کە توندوتیژییان بەرامبەر نەکراوە، بوونی نییە. ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە (P-value<٠,٠٥) و بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی.

خشتەی (٤.٤):

جیاوازیی نێوان ڕوانگەی ئەوانەی توندوتیژیان بەرانبەر کراوە لەگەڵ ئەوانەی بەرانبەریان نەکراوە ڕوون دەکاتەوە

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی دایکایەتی | بەڵێ | 17 | 32.94 | 1.15 | 10.64 | 0.666 | 0.394 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 31.79 | | 7.26 | | | | |
| کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | بەڵێ | 17 | 27.53 | 0.94 | 7.74 | 0.658 | 0.448 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 26.59 | | 5.14 | | | | |
| بەها خێزانییەکان | بەڵێ | 17 | 14.24 | 0.93 | 4.89 | 0.523 | 0.646 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 13.31 | | 4.32 | | | | |
| پەرەپێدانی توانای ئافرەتان | بەڵێ | 17 | 30.24 | 1.82 | 5.34 | 0.235 | 1.214 | 1.684 | بەڵگەدارنیە |
| | نەخێر | 29 | 28.41 | | 4.08 | | | | |

## ٣.٤. دەستنیشانکردنی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو:

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان (کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان ئافرەتان) لەسەر گۆڕاوە شوێنکەوتوەکانی توێژینەوەکە (ڕۆڵی دایکایەتی و بەها خێزانییە نەریتییەکان) سوودمان لە رگریسیونی چەند گۆڕاوی (Multiple Linear Regression) وەرگرت کە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان چەند گۆڕاوێکی سەربەخۆ بەکاردێت، لەگەڵ گۆڕاوی شوێنکەوتوو، بەجۆرێك کە تێیدا پەیوەندیی نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان لەبەرچاو بگیرێت (Saeed AH, Ahmed A., 2018, p.28).

ئەنجامی خشتەی (٩) نیشان دەدات کە ئاستی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان (٠,٨٣٤)ە، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکان و گۆڕاوی پاشکۆ (لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتی) پەیوەندییەکی تا ڕادەیەك بەهێز هەیە، بەڵام ئاستی دیاریکردن بریتییە لە (٠,٦٩٦) ئەمەش واتە (٦٩,٦٪) سەرجەم گۆڕانکارییەکانی ڕۆڵی دایکایەتی لە نێو بەشدارانی نموونەی توێژینەوەکە بەستراوەتەوە بە گۆڕانکاری لە بەها خێزانییەکان، کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە و خواست و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکانیان. هەروەها بە سەرنجدان لە ئاماژەداربوونی بەهای (F) کە بریتییە (٣٢,٨٢٦) دەتوانین بڵێین کە مۆدیلی رگریسیونی توێژینەوەکە کە پێك هاتووە لە سێ گۆڕاوی سەربەخۆ و گۆڕاوێکی پاشکۆ، مۆدیلێکی باشە و گۆڕاوە سەربەخۆکان دەتوانن گۆڕانکارییەکانی گۆڕاوی پاشکۆ (ڕۆڵی دایکایەتی) دەستنیشان بکەن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی (٩):

کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر ڕۆڵی دایکایەتی

| پێوەرەکانی مۆدێلی توێژینەوەکە | | گۆڕاوە سەربۆخۆکان | ئاستە ستانداردکراوەکان[1] | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | Beta | بەهای t | Sig. |
| ئاستی پەیوەست (*R*) | 0.834 | کارکردن لە دەرەوەی ماڵ | 0.419 | 3.545 | 0.001 |
| ئاستی دیاریکردنی ستانداردکراو[2] | 0.696 | پەرەپێدانی توانا تاکەکەسییەکان | 0.165 | 1.672 | 0.102 |
| *F* | 32.826 | لاوازبوونی بەها خێزانییەکان | 0.381 | 3.115 | 0.003 |
| بەڵگەداری | 0.000 | | | | |

بە سەرنجدان بە بەڵگەداربوونی بەهای (t) لە خشتەی (٧) لە هەموو گۆڕاوەکان، بەو ئەنجامە دەگەین، کە کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ئەنجامی ئاستی ستانداردکراوی ڕگریسیۆن بۆ گۆڕاوی (کارکردن لە دەرەوەی ماڵ) بریتییە لە (٠,٤١٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە کاریگەری هەیە لەسەر ڕۆڵی دایکایەتی ئافرەتان. بە چەشنێك، کە بە زیادکردنی هەر لادانێکی پێوەری لە گۆڕاوی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە، بڕی (٠,٤١٩) لادانی پێوەری گۆڕانکاری لە لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتیدا ڕوودەدات.

٢- سەبارەت بە فاکتەری پەرەپێدانی تواناکانی ئافرەتان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بەها (t) بەڵگەدار نییە (p-value=0.102) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداریی لەسەر لاوازکردنی ڕۆڵی دایکایەتی نەبوو.

لە پەیوەندی لەگەڵ لاوازبوونی بەها خێزانییەکان ئەنجامی ستانداردکراوی ڕگریسیون نیشان دەدات، کە بە بڕی (٠,٣٨١) کاریگەریی هەیە لەسەر لاوازبوونی ڕۆڵی دایکایەتی و بە زیادکردنی هەر لادانێکی ستانداردکراو لە لاوازبوونی بەها خێزانییەکان، ئەوە بە بڕی (٠,٣٨١) لادانی پێوەری، لاوازبوون لە ڕۆڵی دایکایەتی ڕوودەدات.

## ٥. دەرەنجامەکانی توێژینەوە

١.٥. لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، توێژەران بە چەند ئەنجامێك گەیشتن کە بریتین لە:

١. گۆڕانکارییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکارییان لە خواستە تاکەکەسی و بەها خێزانییەکانی ئافرەتان دروست کردووە. ئەمەش وایکردووە، کە ژنان زیاتر خواستی کارکردن لە دەرەوەی ماڵیان هەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پەرە بە توانا تاکەکەسییەکانی خۆیان دەدەن.

٢. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕوویداوە، بەها خێزانییەکان لای ئافرەتی کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و ویستی پابەندبوون بە بەها نەریتیەکانی کۆمەڵگای کوردی ڕووی لە کاڵبوونەوە کردوە. ئەمەش ئەنجامی ئەو خواستەیە، کە ئافرەتان هەیانە بۆ بەشداری زیاتریان لە کایە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەپێدان بە توانستە تاکەکەسییەکانیان.

٣. لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی خواستە تاکەکەسییەکان بۆ بەشداری لە کۆمەڵگا و پەرەپێدان بە تواناکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاری بە بەها نەریتییەکانی کۆمەڵگای کوردیدا، ڕۆڵی دایکایەتی ئافرەتی کورد ڕووی لە لاوازی کردوە.

٢.٥. پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

بە مەبەستی سوودوەرگرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەم توێژینەوەیە، توێژەران چەند پێشنیارێك دەخەنەڕوو کە بریتین لە:

١. بە سەرنجدان لەوەی، کە خێزانی کوردی بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، چاوەڕوان دەکرێت بەشێك لە ئەرکی بە کۆمەڵایەتیکردنی منداڵان بکەوێتە سەر دامەزراوە پەروەردەییەکانی دیکە. بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانی وردی بۆ ئیدارەدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان هەبێت.

٢. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان، هەوڵ بدەن بە ئەنجامدانی کۆڕ و سمینار، هاوسەنگییەك لە نێوان خواستەکانی ئافرەتی کورد و پێداویستییە خێزانییەکانی کۆمەڵگای کوردی دروست بکەن.

٣. لەم قۆناغەدا کە خێزان و ئافرەتی کورد لە قۆناغی گۆڕانکاریدایە، پێدانی ڕێنمایی و ئامۆژگاری گونجاو بۆ بەرگریکردن لە سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی خێزانی، ئەرکێکی گرینگە، کە دەکەوێتە سەر ڕێکخراوەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و حکومەت.

٤. توێژەرانی دیکە ڕادەسپێرین کە توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی توێژینەوەی دیکە بکەن. چونکە ئەم توێژینەوەیە لەسەر چالاکانی بواری ژنان کراوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم بۆچوونە چەندە لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، پێویستە توێژینەوە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بکرێت کە چالاکی بواری ژنان نین.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


١. سدیق ، ئا. (٢٠٠٧)، دۆزی ژن و هەزارەی نوێ، چ٢، سلێمانی.

٢. قانع، م. (٢٠٠٦). سەرەتاییەك دەربارەی فیمینزم، گۆڤاری ڕەهەند.

٣. گەرمیانی، ت. (٢٠١٥). دەسکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠١٤) ج١، گ١، سلێمانی.

٤. مستەفا، ع. (٢٠١٢). ڕەنجبەرانی بێ مایەی ناو پارتە سیاسیەکان، گۆڤاری لڤین، ژمارە، ٢٠٠٧، سلێمانی.


### سەرچاوە عەرەبییەکان


١. البياتي، ف. (٢٠١٥). لمحات من تأريخ الحركه النسويه في العراق، الكاردينيا، مجله ثقافيه عامه: http//diaq.us/t/1n6mafe

تعريف البنك الدولي من موقع: http://ar.Wikipedia-orglwlki

٢. الجابري، م. (٢٠٠٣). المجتمع المدني وابعاده الفكريه، ط١، دار الفكر دمشق.

٣. حجازي، س. (٢٠٠٥). معجم المصطلحات الحديثه, دار الكتب العلميه بيروت- لبنان.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٤. حسن، م. (١٩٨٩). علم المنظمه، مديريه دار الكتب للطباعه والنشر ، جامعه موصل.

٥. حوسو، ع. (٢٠٠٩). الجندر الابعاد الاجتماعيه والثقافيه، دار الشروق للنشر والتوزيع.

٦. الخفاف، ع. (٢٠١٨). علم الجندر النوع الاجتماعي، دار الفارابي للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.

٧. الدخيل، ت. (٢٠١١). الدنيا امرأه، دار نشر مدراك ,بدون مكان طبع.

٨. الدركزلي، ش. (١٩٩٧). المرأه المسلمه في المواجهات التحديات المعاصره، روائع المجدلاوي.

٩. دينكت, م. (١٩٨٥). معجم علم الاجتماع، ت : احسان محمد الحسن, دار الحريه للطباعه ونشر , بغداد.

١٠. رشيد، ع. (٢٠٠٦). التحول الديمقراطي في الوطن العربي، ط١، مركز دراسات الوحده العربيه, بيروت.

١١. سعدالدين، ا. (١٩٩٥). المجتمع المدني والتحول الديمقراطي في الوطن العربي. تقديم سلسله دراسات مشروع المجتمع المدني والتحول الديمقطراطي في الوطن العربي، الصادره عن مركز ابن خلدون للدراسات الانمائيه، بالاشتراك مع دار الامين للنشر، القاهره.

١٢. عبده، س. (١٩٨٠). المرأه العربيه بين، التخلف والتحرر، منشورات دار الأفاق الجديد، بيروت.

١٣. العلوي ، س. (٢٠٠٢). المجتمع المدني في الوطن العربي ودوره في تحقيق الديمقراطيه, ط٢, مركز دراسات الوحده العربيه, بيروت.

١٤. فالح ، م. (٢٠٠٢). المجتمع والديمقراطيه والدوله في البلدان العربيه، مركز الدراسات الوحدهالعربيه، بيروت، لبنان.

١٥. الكردستاني، م. (٢٠١١). حركات تحرير المرأه من المساواه الى الجندر، دار القلم، الكويت.

١٦. لوك، ج. (١٩٩٠). فيالحكم المدني، ترجمه، ماجد فخري، بدون مكان طبع، بيروت.

١٧. محمود، ط. (٢٠١٦). نظره عن الدراسات النسويه، دار القلم للنشر والتوزيع، القاهره.

١٨. مدكور، ا. (١٩٧٥). معجم العلوم الاجتماعيه, التنميه المصريه العامه للمكتبات.

١٩. المسيري، ع. (٢٠١٥). قضيه المرأه والتمركز حول أنثى، دار القلم للنشر والتوزيع، القاهره.

٢٠. ميشيل، د. (١٩٨٠). معجم علم الاجتماع، ت: أحسان محمدحسن، دار الحريه للطباعه، بغداد، العراق.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

١. محمد، س. (٢٠٠٩). منظمات المجتمع المدني ودورها فى التنميه المجتمعيه، رساله ماجستير غير منشور، جامعه موصل، كليه الاداب.

٢. عبدالله، ص. (٢٠١٤). دور الاجتماعي للمنظمات غير الحكوميه اقليم كوردستان.العراق ، رساله ماجستير غير منشوره، جامعه حلوان،كليه الاداب، قسمعلم الاجتماع- قاهره.

٣. لازم، ع. (١٩٨٣). المرأه في الشعر العراقي، الحديث من (١٩٠٠-١٩٦٠) رساله دكتورا ، كليه الاداب جامعه بغداد.

٤. نورى، ه.(٢٠٢٠). منظمات المجتمع المدنى دورها فى تعزيز مفموم الموطنه فى اقليم كوردستان- العراق، أطروحه دكتوراه غير منشوره، جامعه صلاح الدين, كليه اداب, قسم علم الاجتماع,اربيل

سەرچاوە فارسییەکان

١. ساروخانی، ب. (٢٠٠٩). مقدمەای بر جامعەشناسی خانواده. تهران: انشارات سروش.

٢. کوئن، ب. (١٩٩١). درآمدی بر جامعەشناسی، ترجمه: محسن ثلاثی، تهران: فرهنگ معاصر.

٣. گیدنز، آ. (٢٠٠٧). جامعه شناسی، ترجمه: حسن چاوشیان، تهران: نشر نی.

٤. موسوی، ا. (٢٠٠٣). خانواده درمانی کاربردی، دانشگاه الزهراء.

٥. میر محمد رضائی، ز. و ساروخانی، ب. (٢٠١٨). نقش جهانی شدن در تغییرات دو دهه اخیر خانواده ایرانی، فصلنامه فرهنگی. تربیتی زنان و خانواده، شماره ٤٤، صص ١٣١. ١٦٤.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

1. Oxford, (1964), divtionary of current English, Oxford univ-press.

2. Parsons, T.t and Robert F. Bales (1956). Family: Socialization and Interaction Process, London: Routledge and Kegan Paul.

3. Saeed AH, Ahmed A. The relationship of globalization to the social movement - field study in Erbil. JAHS [Internet]. 1Apr.2018 [cited 7Mar.2021];22(2):13 -6. Available from: http://zancojournals.su.edu.krd/index.php/JAHS/article/view/2167


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360